سەرکی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی دەکات لە سەرک کەماری پێشووتر



سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی کرد لە سەرک کەماری پێشووتر فوئاد مەعسوم.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرک وەزیران رایگەیاند:"لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی پێشهاتەکانی کاروباری گشتی وڵاتیان کرد لە بوارە جیاجیاکاندا، جگە لە خستنەڕووی کارەکانی حکومەت و پلانەکانی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی، کە لە پێشینەیدا کاردەکات بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی هەموو عێراقییەکان".

سەرکی ئەنجومەن وەزیران جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بەردەوامبوونی دیالۆگ لە نێوان هەموو هێزە سیاسییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە مەبەستی پاراستنی سەقامگیری و تەواوکردنی پرۆسەی بنیاتنانی سیاسی و ئابووری و گەشەپێدان.